دلیٚ سیسنیٚ وەکی کوترا ژ نوی ڤەکوشتی خو هەلاڤیت .. تژی گری بو .. **حەز دگر ویٚ گاڤیٚ پەرتوکیٚن خو هەمیا پاڤیٚتو وەك زارویا دەما شەکروك ژیٚ دهیٚنە دزین ل‌نیڤا جادیٚ خو ب‌عەردی دا دەت .. ب‌کەتە گری ، پیٚن خو راپاڤیٚت ژنیٚ پیا ب‌کەتە هەوار ییٚ منە .. نیٚ ییٚ منە ..**

* * *

سیسنیٚ چ هەمیا نەکر ژ نشکیٚڤە کەرەکیٚ سەریٚ ویٚ ب‌چاڤ‌ڤە لیٚ‌بو ئیٚش ، هەر ئەو چاڤ بتنیٚ ژی بو جوکا ئاڤیٚ .. دلیٚ ویٚ زڤری گیٚژ بو .. گەهشت مال خودریٚژکرە سەر جهیٚ خو ئیٚدی هندی هاتیٚ نەشیا سەریٚ خوژ بالیفیٚ هەلینت . لیٚ خو بون .. پیٚڤە خاند .. نوژدار ئینا :

- «چ نینە یا وەستای .. بلابیٚهنا خو بدەت‌و ڤان روژا نەچیتە خاندنگەهیٚ» .
- مەزەلا ویٚ بو قەرەبالغ سیسنیٚ هایژ هەمیا هەیە . ژن ماما ویٚ گوت :-
- ئیٚکی چاڤەکیٚ ل ڤیٚ کچکیٚ دای ..
- مەتا ویٚ گوت :
- نیٚ ئەڤە هزار جار من گوتە دەیکا ویٚ بلا ئەڤ کچە هوسا کار کری نەهیٚت‌و ب‌چیٚت وەکی نافکا نیرگزیٚ‌یەو چاڤیٚن خەلکیٚ دپیسن .
- ئەزا خولی سەر چ دزانم .. من گوت هیٚش زارویە .
- دیٚ پا ئەڤە نهوبچاڤ چو دیٚ چ‌خولیٚ ب‌سەریٚ خو وەرکەین .
- دڤیٚت بەرکی ب‌سەری داکەین .

تەبق ئیناو ترارەکیٚ ئاڤیٚ کرە تیٚداو پیڤازەلڪو هندە خویٚو پیلاڤا ئیٚکیٚ گەرولڪو نان هەمی دانانە رەخ .. تەبەق ل‌هنداف سەریٚ سیسنیٚ گرت‌و رصاص ل‌سەر ئاگری دبوهژاندو گوردکرە تراریٚ ئاڤیٚو ل‌هنداف سەریٚ ویٚ دبوکرینا رصاصی ... ئیٚك جار بیٚهنا ویٚ تەنگ بو هاری خوکر رابو روینشت لیٚ دلیٚ ویٚ زڤری عیٚلنجیا لیٚدا و ئاڤ ب‌چاڤ داهات جارەکا دی سەریٚ خو ب‌بالیفیٚ ڤەنا .. کرە هەوار بەسە.. بەسە..

کەسیٚ گوهیٚ خو نەداییٚ هەمیا هیٚڤدکرە پرتیٚن رصاصی : ئها ئەڤە دوو چاڤیٚن زیڤن .. خودیٚ ب‌پەڤینیت .

**سیسنیٚ دەستیٚن خو ب‌گوهیٚن خو ڤەنان ژبەر ویٚ ب‌تنیٚ دزانی ئەوا ب‌ویٚ کەفتی ژ چاڤیٚن رصاصیو ئاڤیٚو ئاگری مەزنترن ب‌ڤان گوت گوتکا چارە نابت**

○

لەکتیبی The New Interme diate English Course وە نووسینی جۆن میلنگتن ورد (بەرگی دووەم لاپەرەکانی ١٧٥ - ١٧٩) نووسینی چیرۆکەکە هی (ساکی)یە (٢) By Saki

# حیکایەتخوان

●

**محمد فەرەج حەمە صالح سعید**

**لە ئینگلیزی‌یەوە وەریگێڕاوە**

●

سیٚ منداڵ، دوو کچو کورێك، لە فارگۆنی شەمەندەفەرێکی گەرم‌دان، پوورێکیان چاودێریان دەکات. کورێکی گەنجیش لەو سەری فارگۆنەکەدا لیٚ‌ی دانیشتووە. منداڵەکان تاقەتیان لە سەفەرەکە چووە. جە لەبەرئەوە دەستیان داوەتە هاروهاجی. زۆربەی قسەی پوورەکەیان بە «نەکەی» دەست پیٚ‌دەکات‌و زوربەی قسەی منداڵەکانیش بە

بۆچی ؟». پوورەکەیان دەیەوێت دڵیان خۆش بکات بەوەی چیرۆکێکیان بۆ بگێڕێتەوە چیرۆکەکەی تۆزێك زۆر ناخۆشە. لە بارەی کچێکی بچکۆنەوەیە. کە کچێکی زۆر باشەو، زوو دەبێتە هاوڕێی هەموو کەسێك بە هۆی باشی‌یەکەیەوە لە دوایی چیرۆکەدا ڕزگار دەکرێت لە گایەکی شێت نە لایەن چەند کەسێکەوە کە فریای دەکەون چونکە خۆشیان دەوێت بە هۆی باشی‌یەکەیەوە.

لە دوو کچە بچکۆڵەکە. گەورەکەیان. پرسی ئایا ڕزگاریان نەدەکرد ئەگەر باش نەبووایە؟ کوڕە گەنجەکەش دەیویست هەمان پرسیاری بکات.

پوورەکەیان بە ساردی‌یەکەوە دانی پیا دانا: بەڵێ ڕزگاریان دەکرد بەڵام لەو باوەڕەدام وا زوو ڕایان نە دەکرد کە فریای کەون ئەگەر خۆشیان نەویستایە.

گەورەی دووکچە بچکۆڵەکە وتی: بێ ماناترین چیرۆکە کە بیستبێتم.

سیریل کوڕە بچکۆلەکە وتی: ئەوەندە بێ‌مانا بوو. تۆزێکی یەکەمی نەبێت هەر گوێم لێ ڕانەگرت.

کوڕە گەنجەکەش لە سووچەکەی خۆیەوە هەڵی‌دایە: لەوە ناچێت حیکایەتخوانێکی سەرکەوتوو بیت.

پوورەکەیان تووڕە بوو لەم پەلامارە لە ناکاوەی کە کردیانەسەری. بەڕەقی‌یەکەوە وتی: زۆر زەحمەتە بتوانیت چیرۆك بو منداڵان بگێڕیتەوە کەتێشی بگەنو بەدڵیشیان بێت.

کوڕە گەنجەکە وتی: من لەمەدا لەگەڵتا نیم.

پوورەکەشیان وتی: لەوە دەچێت حەزبکەیت چیرۆکێکیان بۆ بگێڕیتەوە گەورەی دوو کچە بچکۆڵەکە داوای کرد تکایە چیرۆکێکمان بو بگێڕەرەوە کوڕە گەنجەکەش دەستی پی‌کرد: هەبوو نەبوو کچێکی بچکۆلە هەبوو کە ناوی پیرثا بوو. کچێکی یەکجار باش بوو.

منداڵەکان یەکسەر تاقەتیان لی‌چوو. وا دیارە هەموو چیرۆکێك تا ڕادەیەکی زۆر لە یەك دەچی. گرنگ نیە هەرکەسێك بیانگێڕیتەوە.

کوڕە گەنجەکە لەسەری ڕۆیشت: هەر چی‌یەکی پی بوترایە جی‌بەجی‌ی دەکرد. هەمیشە ڕاستگۆ بوو. جل‌وبەرگەکانی پاكو خاوێن ڕادەگرت. وانەکانی بەتەواوی لەبەردەکرد. ڕێك‌وپێك بوو لە هەستان ودانیشتنی‌دا.

گەورەی دوو کچە بچکۆلەکە پرسی: ئایا کچێکی جوان بوو؟

گەنجەکە وتی: لە جوانی‌دا نەدەگەیشت بە هیچ کامێك لە ئێوە. بەڵام ئەوەند باش بوو لە باشی‌دا خراپ‌بوو.

ئارەزووی منداڵەکان گەڕایەوە بۆلای چیرۆکەکە. وشەی خراپ لەگەل باشی‌دا بەکاربەرێت شتێکی نوێ بوو لای منداڵەکانو بەدڵیان بوو. شتێکی ڕاستی تێدابوو کە لە چیرۆکەکانی پووریاندا نەبوو.

گەنجەکە لەسەری ڕۆیشت: ئەوەند باش بوو تا وەکو چەند مەدالیایەکی وەرگرتبوو بۆ باشی‌یەکەی. کە دابوونی لە پێشی کراسەکەی. مەدالیایەکی وەرگرتبوو بۆ گوێ ڕایەڵی. یەکێکی تر بۆ سوور بوون لەسەر پەیمان سی‌یەمین بو ڕەفتار باشی. مەدالیاکانیش گەورەبوون لە میتاڵ دروست کرابوون. کاتێك کە کچەکە دەڕویشت بەریەك دەکەوتن دەزرنگانەوە. هیچ منداڵێکی تر لە شارەکەدا بەقەدەر ئەم سێ مەدالیای وەرنەگرتبوو. لەبەر ئەوە هەموو کەسێك دەی‌زانی کەئەم کچێکی یەکجار باشە.

سیریل پرسی: لە باشی‌دا خراپ بوو؟

هەموو کەسێك باسی باشی ئەمیان دەکرد تاوەکو کوڕە پاشای ولاتەکەش بیستبووی وتی لەبەر ئەوەی ئەم کچە ئەوەند باشە ڕێگای پی‌دەدرێت هەفتەی جارێك بچێتە باخەکەی کە لە قەراغ شاردا بووو بەئارەزووی خۆی پیایا بگەڕێت. باخەکە باخێکی زۆر جوانو گەورە بوو. هەرگیز ڕێگای هیچ منداڵێك نەدەدرا کە بچێتە ناوی. کەواتە ئەمە ڕێزێکی گەورە بوو نە پیرثا بگیرێت کە ڕێگای پی‌بەرێ بچێتە ناو ئەم باخەوە.

سیریل پرسی: هیچ مەڕێکی تێدا بوو لەناو باخەکەدا؟

گەنجەکە وەلامی دایەوە: نەخێر هیچ مەڕێکی تێدا نەبوو.

بێگومان لی‌یان پرس: باشە بۆچی هیچ مەڕێکی تێدا نەبوو؟

پوورەکەیان زەردەخەنەیەکی خۆشی گرتی.

گەنجەکە وتی: هیچ مەڕێکی تێدا نەبوو چونکە دایکی کوڕی پاشا جارێکیان خەوی دیبوو کە کوڕەکەی یان مەڕێك لەناوی دەبات یان سەعاتێکی گەورە بەردەبێتەوە بەسەری داو دەی‌کوژێ.

لەبەر ئەم هۆیە کوڕی پاشا هیچ مەڕێکی ڕانەدەگرت لە باخەکەی داوهیچ سەعاتێکی گەورەشی نەبوو لە کۆشکەکەیدا.

پووریان هەناسەیەکی بەدڵ بوونی هەڵکێشا.

سیریل پرسی: ئایا کوڕە پاشاکە بە مەڕێك یان بە سەعاتێکی گەورە لەناوچوو؟

گەنجەکە بە لەسەرخۆیی‌یەکەوە وەلامی دایەوە: کوڕە پاشا هێشتا لەژیاندایە لەبەر ئەوە ناتوانین بلێین خەوەکە دێتە دی یا نایەتە دی.

هەر چۆنێك بێت لەباخەکەدا هیچ مەڕێکی تێدا نەبوو بەڵام بەرازی

جکۆنەی زۆری تێدابوو کە رایان دەکرد لەم لاوە بۆ ئەو لا.
ی‌یان پرسی: رەنگیان چۆن بوو؟

رەش‌و دەم‌و چاویان سپی، سپی‌و پەڵەی رەشیان تێدا بوو رەشی سەرتێ. خۆڵەمێشی‌و پەڵەی سپیان تێدا بوو هەندێکیان سەر تاپا سپی بوون. حیکایەتخوان تۆزێك وەستا بۆ ئەوەی بیری تەواوی سامانی حەکە جێگای خۆی بکاتەوە لە خەیاڵی منداڵەکاندا، ئەمجا دەستی پێ کردەوە:

پیرثا زۆر دڵگیر بوو چونکە هیچ گوڵێك لە باخەکەدا نەبوو. پەیمانی دوو بە پوورەکانی. چاویشی پڕ بووبوو لە فرمێسك. کە هیچ گوڵێکی حەکەی کوڕی پاشا نەکاتەوە. ئەشی ویست پەیمانەکەی بەرێتە سەر. دەم کە باخەکە گوڵی تێدا نەبێت بتوانێ بیکاتەوە. ئەم چۆن پەیمانەکەی برێتە سەر؟ لێ‌یانی پرسی: باشە بۆچی هیچ گوڵێکی تێدانەبوو؟

راستەوخۆ گەنجەکە وەلامی دایەوە: چونکە بەرازەکان هەموویان حەزدبوو. باخەوانەکان بە کوڕی پاشایان وتبوو کە ناتوانی هەردوکیانی هەبێت. بەرازیش‌و گوڵیش. ئەمیش بڕیاری ئەوەی دابوو کە بەراز بگرێت‌و واز لەگوڵ بێنێت.

منداڵەکانیش بەدڵیان بوو کە کوڕی پاشا بەرازی هەڵبژارد. هەرچەندە گەلێ کەسی تر لەجی‌ی ئەو بوونایە بە پێچەوانەی ئەویان دەکرد.

گەلێ شتی خۆشی تر لە باخەکەدا هەبوو. حەوزی تێدا بوو بەماسی تووتی‌و شین سەوزەوە، درەخت کەتووتی لەسەربوو قسەی دانایانەیان دەکردو. گەلێك مەلی تێدابوو کە لە هەموو ئاوازێك دەیان خوێند. پیرثاش دەهات‌و دەچوو رای دەبواردو بەخۆی دەوت:

ئەگەر من ئەوەندە باش نەبوومایە، رێگام پێ نەدەدرا کەبێمە ناو حێکی واخۆشەوە رابوێرم بە ئارەزووی خۆم. لە کاتێکیشدا هات‌و چۆی دەکرد مەدالیاکانی بەریەك دەکەوتن‌و دەزرنگانەوەو ئەمەش بیری دەخستەوە کە ئەم چەند کچێکی باشە. هەر لەو کاتەدا گورگێکی گەورەی پەیدابوو. هاتبووە ناوباخەکەوە بو ئەوەی برازێکی بچووکی قەڵەو بگرێت‌و بیکات بەنانی ئێوارە.

منداڵەکان پرسی‌یان، کاتێك زیاتر چیرۆکەکە یان لەلا خۆش بوو. رەنگی چۆن بوو؟

سەرتاپا وەکو رەنگی قوڕ، زمانێکی رەشی هەبوو. چاوێکی خۆڵەمێشی کاڵ کە دڕندایەتیان لێ دەتکا. یەکەم شت کە چاوی پی‌ی کەوت پیرثا بوو، بەرکۆشەکەی ئەوەندە سپی‌یەکی پاك بوو لە زۆر دوورەوە بەدی دەکرا. پیرثاش گورگەکەی دی‌و زانیشی کە بەرەو رووی ئەم دێت، وای لێ‌هات بەخۆی دەوت خوزگە هەر رێگای پێ‌نەدرایە کە بهاتایە ناو باخەکەوە. تا لە توانایدا بوو خێرا رای‌کرد، گورگەکەش بەخێرایی دوای کەوت. هەر چۆنێك بوو توانی خۆی بگەیەنێتە هەندێ تووترك‌و خۆی حەشار بدات لە شوێنێکی چڕدا. گورگەکەش هات‌و بۆنی دەکرد لە نێوان لقەکانەوە. پیرثاش تەواو دەترساو بەخۆی دەوت: ئەگەر من زیاد لە پێویست باش نەبوومایە، ئێستا بە دڵ ئەمینی لەناو شارەکەدا دەبووم. هەر چۆنێك بێت بۆنی تووترکەکان ئەوەندە بەهێز بوو کە گورگەکە نەی‌توانی بە بۆن پیرثا بدۆزێتەوە لە کوێ‌دا خۆی شاردۆتەوە، دەوەنەکانیش ئەوەندە چڕ بوون لەوانەبوو ماوەیەکی زۆریش بگەڕایە بەناویاندا نەی‌دەتوانی بەدی بکات. لەبەر ئەوە گورگەکە بەبیری داهات کە بچێت بەرازێکی بچکۆڵە بگرێت لەجیاتی. پیرثاش زۆر دەلەرزی کە گورگەکەی لێ‌ی نزیك دەبووەو بۆنی دەکرد. لەکاتی لەرزینەکەیدا مەدالیاکانی بەریەك دەکەوتن. گورگەکە خەریك بوو دووربکەوێتەوە کە گوێ‌ی لە دەنگی مەدالیاکان بوو دەزرنگانەوە. راوەستاو گوێ‌ی گرت. دووبارە زرنگانەوە لە دەوەنێکدا تەواو لە نزیکی‌یەوە. رای‌کردە لای دەوەنەکەوە. چاوە خۆڵەمێشی‌یە کاڵەکانی دەدرەوشانەوە دڕندانە وبەدڵخۆشی سەرکەوتنەوە. پیرثای راکێشایە دەرەوەو خواردی. ئەوەی لە پاشی بەجی‌ما بریتی بوون لە قوندەرەکانی، هەندێ پارچەی جلەکانی‌و سێ مەدالیای باشی یەکانی‌بوو.

بەرازە بچکۆڵەکان هیچیان لەناو چوون؟

نەخێر هەموو رایانکرد.

کچە بچووکەکەیان وتی: چیرۆکەکە ناخۆش دەستی پی‌کرد بەڵام جوان کوتایی‌هات. کچە گەورەکەیان وتی: خۆشترین چیرۆك بوو کە بیستبێتم.

سیریل وتی: تاقە چیرۆکی خۆشە کە گوێم لێ‌ی بووبێت.

پوورەکەیان لە گەڵیاندا نەبوو. چیرۆکێك بوو کە بە هیچ جۆرێك ناشێت بۆ منداڵ بگێڕرێتەوە. بەگەنجەکەی وت: تۆ ئەنجامی چەند ساڵێك خوێندنی باشت تێك‌دا.

گەنجەکەش، لە کاتێکدا شتەکانی کۆدەکردەوەو، شەمەندەفەرەکەش هێواشی دەکردەوە وتی: هەرچۆنێك بێت دە خولەك منداڵەکانم بێ دەنگ کرد کەتۆ نەت توانی بیکەیت!.

○